# مریەمی قازی

**دیدار مەسیفی**
**(کەنەدا)**

"ئێستا لەو ڕۆژەدا دەژیم کە بۆنی شلکە نەمامێکی تەڕوبڕ، بۆنی مرۆڤێکی ڕووت، بۆنی ژنم لێدێ"

ئەستەمە بۆ یادکردنەوەی تۆ ئەم پارچە نووسینە لە دوا نەفەسی یەکێک لە چیرۆکەکانت بقرتێنم و بیکەم بە سەرەتا بۆ هەنسک و حەسرەتێ کە لە نێو ئەو نووسینەدا هەیە. تۆ لە ژیاندا بوویت و بە دڵێکی گەورەوە لەسەر ئەدەب دەتنووسی. جارێکیان منیش بە هەبوونت دڵخۆش بووم لەو کاتەی بۆ یەکەم جاری تەمەنم ناوی خۆمم لەسەر بەرگی کتێبدا بینی کە بە ڕەنگێکی ڕەش و تێر لە سەر پانتاییەکی زەرد و ئاڵی وەک باڵی پاییز نوسرابوو، هەمان پاییز کە تۆی فڕاند و وەک گەڵا جوانەکانی گۆڕین، لێ هەمیشە گەش گەش، تیکەڵ بە خاکی جوانی موکریان و کوردستانی کردیتەوە.

بەر لە بینیی ڕەخنە جوانەکەت، یەک ساڵ و دە ساڵ تێپەڕین و کەم خوێنەر بە لای یەکەم ڕۆمانەکەمدا چووبوون، یان ژمارەیێ چووبوون، لێ چ تاقیان بێجگە لە تۆ بوار و ئارەزووی نەبووبوو بە سەرە قەڵەم و ڕستەیێ کارەکتەری ڕۆمانەکەم بلاوێنێتەوە، بە تایبەت لەو شوێنە و لە پاییزێکی غوربەتدا کە کارەکتەرەکەم بەر چنگی نەخۆشی شێرپەنجە دەکەوێ و دواتر دەمرێ.

هەر لە نێو ئەم یەک و دە ساڵانەدا بوو کە شاعیرێکی بێ ئۆقرە و بێ شانس، لێ بەهرەدار و بە ئاگا لەگەڵ نووسینگەلێک کە لە ڕۆژهەڵاتەوە وەک نمەکێکی لەمێژینە و خۆرێکی گەنمڕەنگی موکریانی و جوان هەڵدەهاتن و دەگەیشتنە باشوور، لە ناوەختێکدا بە تێلیفۆنێ ڕابەریی کردم و گوتی کەسێک لەسەر ڕۆمانەکەتی نووسیوە.

من ئەو کات بە خۆشحاڵییەکی گەرمەوە چووم نووسینەکەم لە سایتی ئەنجوومەنی مەهاباد خوێندەوە و ئیدی بۆ یەکەم جار هەم ناوی مریەمی قازیم کەوتە بەرچاو، هەم بە ئاوڕدانەوەیەکی تاقانەیش ئاشنابووم کە خامەی ژنێکی جوان بەسەر ڕۆمانەکەمدا کرابوو کە لە دووری و لە ماوەی چوار ساڵدا بە چاوی دڵ نووسیبووم.

لەو کاتەی نووسینەکەم خوێندەوە ئەوەی مایەی خۆشحاڵیم بوو، نووسەرەکەیم نەدەناسی، بۆیە ئەگەر بۆ چرکەیەکیش بێت، خۆمم کەمێک جودا بینی لەم نووسەرانەی کە ئەگەر ڕەخنەگرانی ئەدەبەکەیان لە نزیکەوەیش نەناسن، ئەوا دوور بە دوور دەیانناسن.

جێگەی ئاماژەیە بنووسم کارەکتەرەکەم نەخۆشی شێرپەنجەی خوێنی هەبوو، کەچی هەتا دوا لاپەڕەکانی ڕۆمانەکە لە نێوان ئەوینێکی گەرموگوڕ و نەخۆشێکی ساردوسڕدا بەردەوامی بە ژیانی دا، هەتا ئەو ئاستەی لە دنیای ڕاستیدا کەوتە بەر چاوە زیرەکەکانی مریەمی قازی و ئەو بە دڵێکی میهرەبانەوە فرمێسکی بۆ ڕشت و قەدەری ئەو کارەکتەرەکەی بۆ دوژمنیش نەخواست.

ساڵان تێپەڕین و بوارم بۆ ڕەخسا بە تێلیفۆنێ لە دڵەوە سپاسی خۆمی پێ بڵێم. لێ خاتوو مریەم وەک ئەوەی فرسەتێکی زێڕینی وەچنگ کەوتبێت و بیەوێت کەسی ئەمسەری تێلیفۆنەکە لە دەستی نەخۆشی شێرپەنجە قورتار بکات، پێی گوتم: "کاکە گیان، چۆنی؟ خۆ تۆ لە ڕاستیدا ئەم نەخۆشییەت نییە، لەوەتەی ڕۆمانەکەتم خوێندۆتەوە هەر لە خەمی تۆ دام".

بە هیوای ئەوەی چەند جاری دیکە فرسەتم بۆ ڕێک بکەوێ و گوێم لە دەنگی خۆشی وی ببێتەوە کە بە کوردییەکی هێندە زەلاڵ و ڕەوان دەئاخڤی، یان ڕۆژگارێ بۆم ڕێکەوێ لە نزیکەوە بیبینیم و گوێی بۆ ڕادێرمەوە، دڵنەواییم بە خاتوو مریەم دا کە نە نەخۆشم و نە بە ڕێگای قاچاغیش دەریاچەی ئیجەم بڕیوە. دواتر بە سپاسەوە تێلیفۆنەکەم داخستەوە، لێ مخابن هەرگیز لەو خەیاڵەدا نەبووم لە باری تەندروستی وی بپرسم.

بۆیە هەنووکە کە بە هەواڵی ئەم کۆچ و کۆستەی مریەمی قازی دەزانم، بە خۆم دەڵێم چ فرسەتێکم لە دەستچوو و لە نزیکەوە نەمبینی، لە کاتێکدا قەدەر وەها بوو لە دوای ساڵانێکی درێژ دوای نووسینەکەی، وەک ڕێکەوتێکی چاکی ژیان باوک و برا و خوشکانی ویم لە



**مریەم قازی**

نزیکەوە بینی و ناسی.

مریەم قازی بەدەر لەوەی بە نووسین بۆ ماوەیەکی درێژتر لە تەمەنی خۆی لە خەمی زیندوو ڕاگرتنی دەق دابوو، وەک ژنێکی چالاک و نووسەر و ئەدەبدۆستیش هەمیشە بە ئاخاوتنی گەرمی لە خەمی دەقنووس دابوو کە نەخۆش نەکەوێ و نەکەوێ و نەمرێ.

مریەمی قازی لە نێو بازنەی خەمە گەورە و قووڵەکانی کە بۆ هەبوونی ئەدەبێکی دروست و ڕەوان بۆ زوبان و نیشتیمانێکی سەربەخۆ و جوان بۆ هەمووان، هەیبوو، لە پێنجی مانگ لە تەمەنی پەنجاوپێنج ساڵیدا بە نەخۆشی شێرپەنجە بە یەکجارەکی چاوە جوانەکانی بە سەر وشە و ڕستەی نێو کتێبان و تەواوی دنیادا داخست.

دوا وشە، مریەمی قازی دەڵێیت بەم ژمارە پێنجانە گەوهەرێ و سێ بازنەی زێڕ دەکات بە دیاری بۆ هەموو ئەوانەی دوای خۆی بۆ ژن و ژیان و کوردستان تێدەکۆشن و ناوەستن.